کاتی هاتنی پاسدارەکانی خومەینی، لێرەوە پێشوازیی دەکەین لێیان! پێشمەرگەکان، بە گردەکەی تەنیشتی **«ئەسحابە درێژ»** (*) دا هەڵگەڕان و یەکە یەکە و دووان دووان، لە نێزیکی یەک، لە پەنای تاوێرەبەرد و دەوەناندا دانیشتن. پاش تاوێک، هێندێکیان نووستن، هێندێکی دیکەش، کەوتنە سازکردنی مەتەرێز و چاوگێران بۆ دیتنەوەی شوێنی قایم. لەگەڵ ئاوابوونی مانگەشەو، وریشەوریشی ئەستێرە و ڕێگەی «کاکێشان» بەدیارکەوتن. پێشمەرگەیەک، پۆلەئەستێرەی «حەوت برا» ی پێشانی هاوڕێکەی تەنیشتی (عەوڵا) دەدا... عەوڵا دەیگوت: «لە دایکبووی **پێنجوێن** ە، بەڵام ماڵی خاڵ و بەشێک لە خزمانی لە **مەریوان** و دەوروبەری دەژین...

لە بوومەلێڵی بەیانیدا، تەزووی سارد لەشی پێشمەرگەکانی تەنی، جامانەکانیان لەدەوری سەروملیان ئالاندبوو.. بەرەبەرە، زەردەپەڕ دەرکەوت و ئاسۆ شەبەقی دا، باڵندە لە خەو ڕابوون و دەستیانکرد بە جریوەجریو. پێشمەرگەکانیش بەخەبەرهاتن، بەهۆی سەرمای شەوەوە هەستیان بە سڕبوونی ئەندامەکانی لەشیان دەکرد.. فەرماندەی پێشمەرگەکان، داوای کرد لێیان، لە ماوەی دە خولەکدا، خۆیان سازبکەن و لەبەردەمیدا کۆببنەوە، تا هەرکەسە بزانێ لەکوێ دامەزرێ و لەگەڵ کێ دەبێ!

دەخولەک تەواو نەببوو، هەموو گەیشتنەوە لای «جەمال» ی فەرماندە. شوێنی دامەزرانی «ئار پی جی» لە شان و کۆڵهەڵگرەکەی و دوو پێشمەرگە بەراست و چەپیاندا و، بڕنەو بەدەست بۆ سەر بەرزایی و لووتکە و ڕەشاش بۆ نێوقەدی چیا و ... دابەشکران. ژمارەی پێشمەرگەکان بە دوو پێشمەرگەکەی کۆمەڵەوە دەبوونە ١٦ پێشمەرگە.

کات نێزیک ٨ی بەیانی، ئۆتۆمۆبیلێکی جیپی سەربازیی لە کەلی **«قەرەجدابان»** ەوە سەریهەڵدا. کەلی قەرەجدابان زۆر بەرزە و لەسەر جادەی مەریوان - سەقز - بانە هەڵکەوتووە و سنووری ئیداری سەقز و بانە لێک جیادەکاتەوە.

سەت مەترێک لەدوای جیپەکەوە، زیلێکی سەربازیی سەریهەڵدا، ئەوجا، ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی قەتارەی بەست و بەریز لە کەل شۆڕبوونەوە. لە دوورەوە، ئۆتۆمۆبیلەکان لە گابەردی کێوێکی گەورە دەچوون کە هەرەسی هێنابێ، یان بورکان لەنێودڵیدا سەریهەڵدابێ، بڕانەوەی نەبوو، بە هاژە و هاڕەهاڕەوە بەرەو داوێن و تەختایی بەردەم «سوورێن» و «ئەسحابە درێژ» دەهاتن. دەرکەوت، هێزەکەی «ڕەشیدخانی کیوەرۆ» نەیتوانیوە پێشی لەشکرەکە بگرێ. لووتی کاروانەکە لە پێشمەرگەکان نێزیک بووەوە و، نێوقەدی بە لرفەکانی کەلەکەدا دەهاتە خوار و کلکیشی دیارنەبوو لە کوێیە. پێشمەرگەیەک حەفتا تانکی بژارد. هاوکات، پێنج هەلیکۆپتەر کە لە ڕۆژهەلاتەوە دەهاتن، گەیشتنە سەر کاروانەکە. جیپەکە لە پێشەوە، ڕێگەی تاقی دەکردەوە، دۆشکەیەکی بەسەرەوە بوو، لەگەڵ نێزیکبوونەوەی بەسەنگەری پێشەوەی پێشمەرگەکان، شریخەی «ئار پی جی» هەستا و ئۆتۆمۆبیلەکە و پێنج چەکدارەکەی بەسەرییەوە بوون، نوقمی ئاگر و دووکەڵ بوون و تێداچوون. تێکڕای کاروانەکە لەجێی خۆی وەستا و هەموو چەکدارەکان دابەزین و بەدەستی چەپ و ڕاستی چادەکەدا ڕاکشان. هەلیکۆپتەرەکان بە بەسەر چیا و دۆڵی سوورێن و ئەسحابە درێژ و گوندەکانی دەوروبەردا سووڕانەوە و، چەندین جار کوێرانە، بە ڕێژنگ و ڕاکێت، ڕێژنەی گوللەیان بەسەر دۆڵ و چیاکاندا پژاند، ئەوجا بەرەو ڕۆژهەلات دووركەوتنەوە. پاش تێپەڕبوونی دوو سەعات، هێزەکەی ڕژێم سوار بوونەوە و، زیلێکی پڕ لە پاسدارانی ئیسلامی پێشی کاروانەکە کەوت. **«عەبدوڵلا» ی «ئار پی جی» لەشان،** گوللەیەکی نا بە زیلەکەوە و ئاگری بەردا تێی. چەندین پاسدار بەلەشی سووتاو و بریندارەوە لەپشتی زیلەکەوە خۆیان فڕێدایە خوارەوە. سەرلەنوێ کاروان وەستایەوە و، تێکڕای هێزەکە دابەزین و وەک جاری پێشوو، بەدەستی چەپ و ڕاستی جادەکەدا ڕاکشان و تەقەیان لە چواردەوری خۆیان دەکرد. «عەبدوڵلا» و «شۆڕش» و دوو پێشمەرگەی هاوڕێیان، خۆیان لە نێزیکی جادەکە دوورخستەوە و بەرەو سەنگەرەکانی سەرووترەوە هەڵکشان. پاش تاوێک، هەلیکۆپتەرەکان گەڕانەوە و، پاش پشکنینێکی هورد، سەرەنجام حەشارگەی پێشمەرگەیان بەدیکرد و بە ڕێژنگ و ڕاکێت، شوێنی پێشمەرگەکانیان دابێژا. هاوکات، تانک و زرێپۆش و ئۆتۆمۆبیلەکان، ڕووی تۆپ و دۆشکەکانیان کردە تەپۆڵکە و گردۆڵکەکانی پشتی ئەسحابە درێژ. لە چاوترووکانێکدا بەدەیان گوللەتۆپ بەرەورووویان دەهات. دار و دەوەن و بنچک ئاگری تێبەربوو. پێشمەرگەکان لەنێو ئاگر و دووکەڵدا لەیەکدی دابڕان. بۆنی باروت و دووکەڵ و گەرمای هەتاو و تینوێتیی، تەڕایی لە قوڕگ و زاریاندا نەهێشتبوو، هەستیان بە خنکان و سووتان دەکرد. یەکێک لە هەلیکۆپتەرەکان، تاکە